# زانكۆ له‌ به‌سرا.. زانكۆ له‌ كوردستان

## بزوتنه‌وه‌یه‌ك له‌ریگای ئازادیو خۆشگوزه‌رانی كۆمه‌لایه‌تیدا

خه‌سره‌و سایه‌ k.saya@ukonline.co.uk

**له‌چه‌ند هه‌فته‌ی رابردووه‌وه‌ زانكۆكانی به‌سراو سلیمانی وهه‌ولیر بوونه‌ مه‌یدانی ده‌ربرینی ناره‌زایه‌تی وخۆپیشاندانی قوتابیان وبه‌مجۆره‌ش فاكتۆریكی تر هاته‌ نیو هاوكیشه‌ سیاسی‌یه‌كانی ئیستای كۆمه‌لگای عیراقه‌وه‌. ئه‌م فاكتۆره‌ نیشانه‌یه‌ك له‌بزوتنه‌وه‌ی جه‌ماوه‌ریو رادیكال له‌به‌شیكی هه‌ره‌ هه‌ستیارو پرجۆشی خویدا كه‌ قوتابیانو لاوان ده‌گریته‌به‌ر، ده‌خاته‌روو. ئه‌مه‌ ئیتر دیارده‌یه‌ك نی‌یه‌ هه‌روا به‌ساده‌یی بگیریت، به‌تایبه‌تی به‌دوای ته‌واوبوونی هه‌لبژاردنه‌كانو قه‌رارگرتنی كۆمه‌لگای عیراق له‌به‌رده‌م ره‌وه‌ندی دانانی ده‌ستورو سازدانه‌وه‌ی ده‌وله‌ت هه‌رچی زۆرتره‌ ئه‌حزابو بزوتنه‌وه‌و تویژو چینه‌ كۆمه‌لایه‌تی‌یه‌كان بۆ بردنی سه‌هه‌می خویانو ره‌نگكردنی ئاینده‌ی كۆمه‌لگا به‌پی‌ی ئالته‌رناتیڤی خۆیان ده‌خاته‌ به‌رده‌م ئه‌زمونیكی گه‌وره‌وه‌. زانكوكان له‌م چوارچیوه‌یه‌دا مه‌یدانیك نین بۆ بزوتنه‌وه‌یه‌كی به‌ته‌نهای داخوازی‌یه‌ سنفی‌یه‌كانی تویژیكی كۆمه‌لایه‌تی، به‌لكو قوتابیان له‌زانكۆكانه‌وه‌ به‌بزوتنه‌وه‌یه‌كی سیاسی‌یه‌وه‌، سه‌رده‌ردینن كه‌ده‌توانی وه‌ك هه‌ر حیزبیكی سیاسیو هه‌رهیزیكی كۆمه‌لایه‌تی تر ئاینده‌ی كۆمه‌لگا به‌ئالته‌رناتیڤی خۆی ره‌نگ بكاو جۆریك له‌حكومه‌تو ده‌سه‌لاتو یاسا بهینیته‌كایه‌وه‌ كه‌ له‌گه‌ل خاسیه‌ته‌كانی خۆی دیته‌وه‌.**

به‌لام قوتابیان نه‌قه‌ومو قه‌بیله‌نو نه‌ وه‌ك مه‌لاو ئاخونده‌كانی ئیسلامی شیعیو سونی له‌هینانه‌ مه‌یدانی هیزی خۆیاندا پشتیان به‌خورافه‌ی ئیسلامو شمشیرو ئالای نه‌ته‌وه‌ به‌ستبی وه‌ نه‌ هیزی تیكشكاوی عروبین تا له‌جه‌نگی مقاوه‌مه‌تدا بۆرژیی به‌عس بگه‌رینه‌وه‌. به‌لكو بزوتنه‌وه‌ی ئه‌وان له‌پشتی‌یه‌وه‌ زانستو مودیرنیزمو سكولاریزمو ئالای پیشكه‌وتنی كۆمه‌لایه‌تیو ئه‌و ده‌ستكه‌وتانه‌ راوه‌ستاوه‌ كه‌كۆمه‌لگای جیهانی ئینسان به‌ده‌ستی هیناوه‌. بیگومان تیروانینو سه‌رنجدان له‌ ناره‌زایه‌تیو بزوتنه‌وه‌یه‌ك كه‌ ئه‌مرۆ له‌زانكۆكانی كوردستانو به‌سراوه‌ سه‌ریان ده‌رهیناوه‌ ده‌توانی له‌زۆر رووه‌وه‌ ببیته‌ مایه‌ی وه‌رگرتنی ده‌رسیك كه‌ بۆ هینانه‌ مه‌یدانی بزوتنه‌وه‌یه‌كی سیاسی جه‌ماوه‌ری به‌هیزو سه‌راسه‌ری به‌رووی هه‌لومه‌رجه‌كانی ئیستای عیراقدا سودمه‌نده‌. به‌لام خودی ئه‌م ناره‌زایه‌تی و خوپیشاندانه‌ی قوتابیانی زانكو، راستی كام واقعیه‌تی كۆمه‌لایه‌تی ده‌خاته‌روو؟

### ناره‌زایه‌تی قوتابیانو یه‌ك واقعیه‌تی كۆمه‌لایه‌تی:

ناره‌زایه‌تیو خۆپیشاندانی قوتابیانی زانكۆكانی به‌سراو سلیمانیو هه‌ولیر ئه‌گه‌رچی له‌رووی خواستو داواكاریو رووبه‌رووبووه‌نه‌وه‌ له‌گه‌ل جۆری ده‌سه‌لاته‌ محلی‌یه‌كانی به‌سراو هه‌ولیرو سلیمانی جیاوازی‌یان ببی به‌لام له‌جه‌وهه‌ردا نیشانه‌ی یه‌ك واقعیه‌تی سه‌راسه‌ریو كۆمه‌لایه‌تی هاوبه‌شه‌. واقعیه‌ته‌كه‌ش ئه‌وه‌یه‌ كه‌ له‌نیو جه‌نگه‌لستانی سیناریۆی ره‌شی ئه‌مریكاییو تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیو په‌لاماردانی خاسیه‌تو بناماكانی كۆمه‌لگای مه‌ده‌نی له‌لایه‌ن چه‌ندین ده‌سته‌و تاقمی قه‌ومیو تایفیو ئاینی‌یه‌وه‌، ئه‌وه‌ زانكۆیه‌ هه‌ناسه‌ی پیشكه‌وتن خوازی هه‌لده‌كیشیو پیداگری به‌ها مه‌ده‌نیو شارستانی‌یه‌كانه‌. به‌لام ئه‌مه‌ هیشتا به‌یانی هه‌موو راستی‌یه‌كان ناكاو نابی له‌بیرمان بچیت كه‌ به‌دریژایی یه‌كده‌یه‌ی رابردوو ئه‌وه‌ ده‌زگا ته‌بلیغاتیو ژورنالیسته‌ نوكه‌ره‌كانی سه‌ربه‌ پنتاگۆنو ده‌وله‌تانی رۆژئاوایه‌ كه‌ بۆ به‌فه‌رامۆش سپاردنی فاكتۆری خه‌لكو سرینه‌وه‌ی هه‌وییه‌تی كۆمه‌لایه‌تیو مودیرنیستی له‌كۆمه‌لگای عیراق، بۆ گه‌ناوی ئه‌وه‌ بلاوده‌كه‌نه‌وه‌ كه‌ عیراق له‌چه‌ند قه‌وم وقه‌بیله‌و تایه‌فه‌و شوعبه‌ی ئاینی پیكهاتووه‌ ونه‌هیچی تر، "عیراقی كورده‌كان وشیعه‌كان"، " سوننی ومه‌سیحی"، " كه‌مایه‌تی توركمانی وتیره‌ عه‌ره‌بی‌یه‌كان"و قوماشی له‌مجۆره‌ كه‌رۆژانه‌ له‌زمانی سه‌رانی ئه‌مریكاو ده‌وله‌تانی رۆژئاواو ده‌زگاكانی راگه‌یاندنیانه‌وه‌ شه‌پۆل ده‌دا، هه‌ولییك ده‌خاته‌روو تاكۆمه‌لگای عیراق به‌پی‌ی ئه‌م هه‌ویه‌ته‌ دروستكراوانه‌و به‌پی‌ی ته‌قسیماتیكی ریژه‌یی بناسینو دابه‌شیبكه‌ن، تا له‌م ریگایه‌وه‌ "دیموكراسی ئه‌مریكایی" حكومه‌تی لایه‌نگر بهینته‌ سه‌ركار. به‌لام زانكۆ وخه‌باتی قوتابیان به‌پیچه‌وانه‌ی ئه‌م ره‌وته‌وه‌ ده‌رخه‌ری ئه‌و واقعیه‌ته‌یه‌ كه‌ كۆمه‌لگای عیراقو رووداوه‌ سیاسی‌یه‌كانی له‌ده‌ره‌وه‌ی كیشمه‌كیشو ململانی‌ی چینایه‌تیو جه‌ماوره‌ی به‌ده‌رنی‌یه‌. خه‌باتو بزوتنه‌وه‌ جه‌ماوه‌ری‌یه‌كانی كریكارانو بیكاران، ژنانو كۆمۆنیسته‌كانو

قوتابیانو خەلکی ئازادیخوازی عیراق، لەماوەی دووسالی رابردوودا و لەژێر سیبەری جەنگ وبارووت وتیرۆریزمی کویرانەدا شکاندنی ئەو چوارچیوەیەیە کە رووداوەکانی عیراق دەباتە نیو کیشمەکیشی بەتەنهای ئەمریکاو دەستەو تاقمی قەومی وئیسلامیەوە. بزوتنەوەیەك کە ئەمرۆ لە زانکۆکاندا سەری دەرهیناوە دریژکراوەی هەرئەو خەباتو نارەزایەتیە جەماوەرییەیە کە ژنان بەدژی نابەرابەریو پەلاماری پیاوسالاری وئیسلامی لەمەیدانی فیردەوسو ساحەی ئەلتحریر وسەرای سلیمانی ئالاکەیان هەلداو کریکاران و بیکارانیش کۆری یەکی ئایاریان پیگەرم کردو بردیانەبەردەم بارەگای "بۆل بریمەر"ی حاکمی عسکریو مەدەنی عیراق. ئەمە دریژکراوەی خەباتی هەرئەو جەماوەرەیە کە رۆژانە دەلین نا بۆ داگیرکاری نا بۆ ئیسلامی سیاسیو قەومگەرایی.. بزوتنەوی زانکۆکان یەکجاری تر راستی ئەو واقعیەتە دەسەلمینی کەئایندەی عیراق بەتەنها بەکیشمەکیشی نیوان ئەمریکاو دەستەوتاقمی قەومیو ئیسلامیەوە گریی نەخواردووە، بەلکو ئەوە نەبەردو رووبەرووبوونەوەی نیوان جەماوەری خەلكو ئەمریکاو هەر هیزیکی تری بۆرژوازییە کەداهاتووی کۆمەلگای عیراق دیاری دەکات. بەلام لەم نەبەردانەدا زانکۆ لەبەسراو زانکۆ لەکوردستان هەریەکەیان سەنگەری خۆیان گرتووە.

## زانکۆ لەبەسرا، نەبەردیك لە پیناو ئازادیدا:

راوەستانەوە بەرووی ئیستبداو کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی راستەوخۆ راوەستانەوەو خەباتە لەپیناو ئازادیدا. پەیامیك کە نارەزایەتی قوتابیانی زانکۆی بەسرا بەکۆمەلگای راگەیاند کەمتر لەمەنیە.

سەرهەلدانی ئیسلامی سیاسیو دەستدریژییەکانیان بۆسەر خەلکی بەرهەمی جەنگی ئەمریکاو دەولەتانی ئیران وسعودیەو پاشماوەی سیاسەتەکانی رژیمی بەعسە. بەلام کارنامەی رەشی ئیسلامی سیاسیو خۆسەپاندنی بەسەر کۆمەلگادا هەمیشە لەپەلاماردان بۆسەر ژنانو زانکۆکانەوە دەست پیدەکات. هەولدان بۆ ئەسیرکردنی نیوەی کۆمەلگا بەقانونی ئیسلامیو شەریعەتی پیاوسالاری، هاوکات هەولدان بۆ کویرکردنەوەی زانکۆکان وەك سەرچاوەیەك بۆ زانستو هەلهینجانی راستی ورۆشنگەری ئینسانیو پرکردنەوەیان بەخورافەو نەزانین، دوو کۆلەکەی سەرەکین کە ئیسلامی سیاسیو دەستەو تاقمەکانی لەپیناوی بردنە پیشەوەی ئامانجەکانیان دەستی پیوەدەگرن. بەهەمان شیوە ئیسلامی سیاسی لەعیراق بەتایبەتی لەشاری بەسرا بۆ ئامانجی دروستکردنی پیگەیەك لەچەشنی حیزبوللای لوبنان، لەخواروی عیراقدا کەبەرژەوەندییەکانی جمهوری ئیسلامی ئیران لەناوچەکەدا بباتە پیشەوە، وەك هەرجیگەیەکیتر لەسەر ئەم دوو کۆلەکەیە کاردەکاو لەریگای تیرۆرو تۆقاندنو هەرەشەو کوشتنەوە، ئەم بەرنامەیەی گرتۆتەبەر. بەمجۆرەش ئەم بزوتنەوەیەو دەستەو تاقمە ئیسان کوژەکانی بەهاوکاری جمهوری ئیسلامی ئیران لەبەرامبەر ژنان وزانکۆکانی شاری بەسرادا بەدریژای دووسالی رابردوو لەچوارچیوەی سیاسەتی بەئیسلامیزە کردنی فەزای شاردا، دەستیان بۆ ریسواترینو بیمایەترین سیاسەتو هەلسوکەوتی کۆنەپەرستانە بردووە. حیجابی بەزۆری کچان وژنان، پەلاماری دوکانی مەشروب فرۆشی وسینەماو چایخانەو شوینەکانی حەوانەوە، تا هەرەشەکردن لەهونەرمەندان ورابیچدانی بەزۆری گەنجانو منالان بۆ نیو مزگەوتو حوجرەکانی خویندنی قورئان. تەنانەت بەزۆر چەکدارکردنی خەلكو کونترۆلکردنی زانکۆو قوتابخانەو شوینە مەدەنییەکانو پەنابردن بۆ هەرەشەی کوشتنو تۆقاندنی کەسانیك کەغەیری ئیسلامن (لەوانە مەسیحیو صائیبییەکان)و ناچارکردنیان بە بەجیهیشتنی شوینی ژیانی خویان.. ئەمانە ئەو کارنامە رەشەیە کە بۆ کۆمەلگای مەدەنیو بزوتنەوەی سکولاریزمو ئینسانی تەحەمول ناکری.

راوەستانەوەی قوتابیانو زانکۆکان، بەشیعاری "نابۆ قورئان، نابۆ ئیسلام"، " بژی یەکسانی ژن وپیاو".. نەبەردیك لەپیناو ئازادیدا دەخاتەروو. ئەوەی کەقوتابیان بەجیا لەهەرباوەریکی ئاینیو ئایدیۆلۆژی، بەجیا لەوەی سەربەکام تایەفەو تیرەن ولەنیو دەنگ وسەلای مزگەوتو مەلاکانەوە، دەرژینە نیو پاركو شادی وسەرحالی دەگیرنو تەلیسمی رەشی ئیسلامی دەپسینو روخساریکی جیاوازو مەدەنی لە روخساری مەلاو شیخو سەرۆك عەشیرەتەکان نیشان دەدەن، ئەوەی کە قوتابیان لەبەرامبەر پەلاماری چەکدارانی تاقمەکەی صدر راوەستانەوەو بۆ دیفاع لەکچیکی مەسیحی هاوریییان دینە دەنگ، ئەوەی کە قەبولی ناکەن زانکۆ ببیتە سوپاگەی شمشیر بەدەستانی سەعد وخالیدو خاتەمیو خومەینیو مینبەرەکانی لەلایەن مەلای نەزانەوە قورغ بکری، نەبەردیکی ئاشکرا لەپیناو ئازادیدا بەرجەستەدەکاتەوە. نەبەردیك کەپیشتر بۆ دەستکۆتاکردنی دەستی ئیسلام لەسەر ژیانی کۆمەلگای عیراق لەبەرامبەر بریاری 137 ی حکومەتی کاتیو لەدژی قانونی ئەحوالی شەخصی خوی نشانداو لەرووبەرووبوونەوەی کۆمۆنیستەکان وخەلکی سکولار لەشاری ناسریەو بغداد دریژەی کیشا. ئیستاش زانکۆ بەخەسلەتی دژی ئیسلامی خۆیەوە ئەم نەبەردەی بەدەستەوەگرتووە.

لەم نەبەردەدا جاریکیتر قوتابیان وزانکو ئەو راستییەی بەرجەستەکردەوە کە ئازادی کۆمەلگای عیراق بەبی وەدەرنانی ئیسلام وئیسلامی سیاسی لەسەرژیانی خەلك مەحالە بەدی بیت. ئەمەش یەکیك لەمەسەلە سەرەکییەکانی کۆمەلگای عیراقە کە بەرەی ئازادیخوازی وچەپی کۆمەلگا لەنوسنەوەی دەستورو هینانەسەرکاری دەولەت وحکومەتیکی سکولارو غەیرە قەومی لەسەری ئەچیو هیزەکانی خۆی بۆ دینیتە مەیدانەوە.

## زانکۆ لەکوردستان، نەبەردیك لە پیناو خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتیدا :

بەلام زانکۆ لە کوردستان نەبەردیکیتر لەبارودۆخی ئیستای عیراقدا نمایش دەکات. نەبەردی خەبات لەپیناو باشکردنی ژیان وخزمەتگوزارییە کۆمەلایەتییەکان. خوپیشاندان ونارەزایەتی قوتابیانی زانکۆی سلیمانیو صلاحەدین، بۆباشکردنی باری ژیان لە بەشە ناوخوییەکان وچاکردنی سیستەمی خویندن وپاشان راوەستانەوە بەرووی ئەهلیکردنی زانکۆ، کیشمەکیشیکی سیاسی وتەواوکردنی بەرەکانی خەباتیکی جەماوەرییە کە بۆئازادی وخۆشگوزەرانی یەخەی دەسەلاتداران دەگری.
لەکوردستان، چەند حزبیکی قەومیو عەشیرەتیو چەکبەدەست، کە لەئاکامی سیاسەتی شەرخوازانەی ئەمریکا وکیشەی لەگەل رژیمی بەعسدا دەسەلاتیان کەوتە دەست وخۆیان بەسەر ژیانو موقەدەراتی خەلکدا داسەپاندو زیاتر لەچوار ملیۆن ئینسانیان لەئۆردوگایەکدا بەدیار خیرو صەدقەی ریکخراوە جیهانییەکان ویوئینەوە دانا، تا ئاغای ئەمریکایان بەئامانجەکانی خوی لەعیراقدا بگات. لەوەها هەلومەرجیکدا کەئەم حیزبانە ومیلیشیای چەکداریان لەشاخەوە هینایە سەر ژیانی خەلك ولەریگای ترسو هەرەشەو پەنابردن بۆ بلاوکردنەوەی خورافەی قەومی، بەدوای چەندین جەولەی شەری ناوخۆو پیش لەشکریکردن بۆ دەولەتانی ناوچەکە، توانیان دەسەلاتی ناوچەیی خۆیان رابگرنو بکەونە گیرفان پرکردنو کۆکردنەوەی سەروەت وسامانی بیشومار، لەولاشەوە خەلکیان بە "ساوابوونی حکومەتی کوردیو ناسك بوونی وەزعی کورد" سەرکوت دەکردو کاریان گەیاندە ئەوەی تەقە لەخۆپیشاندانی خەلکی نیشتەجیی نیوخانووە بیتاپۆکان وکریکارانی بیکارو قوتابیانی زانکۆ بکەن کە داواکاری بەرهەقی سەرپەنایەكو شوینیکی گونجاو بۆحەوانەوەو خویندبوون. بەمجۆرەش سەرانی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد جیگای ریزیك لەدەولەمەندان وخاوەن سەرمایەیان گرتوە کە جیاوازییەکی گەورەیان لەنیوان خۆیان وخەلکی هەژارو دەست کورتدا پیکهیناوە. ئیستا ئیتر هیچ کەس نییە ئەم جیاوازییە نەبینیو بەپرسیاری ئەوەی " ئاغا گیان: ئەم هەموو سەروت وسامانەت لەکوی هینا؟" بەرەو رووی سەرانی ئەحزابی دەسەلاتدار نەبیتەوە. تەجروبەی 14 سال لەدەسەلاتداریتی ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد بەرۆشنی بێعەدالەتییەکی کۆمەلایەتیو ناهاوتاییەکی ئاشکرا لەژیانی خەلکی کوردستاندا دەخاتەروو کەئیتر بەبلاوکردنەوەی خورافەی قەومیو تورەهاتی ناسونالیستی ناتوانی تەبریر بکری. نارەزایەتی قوتابیان ولاوانی زانکۆکانی کوردستان کە بەدژی ئەهلی کردنی زانکۆ دەنگیان هەلبریوە، تەعبیرە لە قەبولنەکردنی ئەم بی عەدالەتییە کۆمەلایەتییەو ئەو ناهاوتاییە لەدابەشبوونی سەروەتدا. زانکۆ ئیتر نایەویت بەشە ناوخوییەکانی بی ئاوو کارەباو خەدەماتی گەرمکردنەوە وساردکردنەوەی فەزای ژورەکانی بیت. زانکۆ ئیتر نایەویت لەم جیاوازییە چینایەتیو دابەشبوونە ناهاوتایەی دەرامەتدا پیویستی یەکانی خویندن وهاتۆچوو بخریتەوە سەرشانی قوتابیان خۆیانو لەگیرفانی خالی وکەمدەرامەتی خیزانەکانیان وەلام وەربگریتەوە. زانکۆ ئیتر نایەویت ئەهلی بیتەوە چونکە قوتابیان نایەنەویت خزمەت گوزارییە کۆمەلایەتییەکان بەقانونی کویری بازار بسپیردریتو دەسەلاتداران شانی خۆیانی لیخالی بکەنەوە. لەیەك ووتەدا زانکۆ نایەویت ژیانی خویندن وزانست بەدەلالانی بازارو قاچاغچی سیاسی بسپریردرت. نارەزایەتی قوتابیانی زانکوی کوردستان لەپیناو خزمەت گوزاریو خوشگوزەرانی کۆمەلایەتیدایە، ئەمەش خەباتیکە تەواوکەری ئازادی ومافەکانی ئینسانە لەکۆمەلگایەکدا کەدەسەلاتدارانی قەومی وئیسلامی حسابی بۆناکەن.

## حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق پشتیوانی سەرەکی زانکۆو بزوتنەوەی قوتابیان :

بەسەرکەوتن گەیشتنی هەر بزوتنەوەیەکی جەماوەری بەبی حیزبیکی سیاسی کاریکی سەخت ودژوارە. کۆمەلگای عیراق بەتەواوی شێوەی کۆمەلگایەکی حیزبی گرتووە، بۆرژوازی وسەرمایەداران، قەوم وقەبیلەو دەلالانی سیاسی کەسەودای فرۆشتنی ژیان وخوینی خەلکن، تا دەگات بەدەستەو تاقمی ئیسلامی، هەریەکەیان بەناوی حیزبی خویانەوە هاتونەتە مەیدانی سیاسەتو لەپیناو چاوچلیسیو بەرژەوەندی چینایەتییاندا بەپیچەوانەی هەر پرەنسیپیکی ئینسانییەوە دەست بۆ گەندەلتریت رەوشت وسیاسەت دەبەن.
لەهەلومەرجیکی ئاوەهادا سەرکەوتنی خەباتی قوتابیانو هەربەشیکی تری کۆمەلگاو بەستنەوەی داواکانیان بەبەشەکانی تری کۆمەلگاوە پیویستی راوەستان لەکەنار حیزبیکی سیاسی دەخوازیت کە بەرۆشنترین شیوە تەعبیر لەخواستەکانی خەلك بکاو بۆ بەدیهێنانی لەئاستیکی سەراسەریدا تیبکۆشی. لەم نیوەدا خۆشبەختانە ئەمرۆ حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق لە مەیداندایە، حیزبیك کەبەدریژاییتەمەنی لەکەنار خەلكو

خواستەکانی ئەواندا راوەستاوەو چۆتە شەری ئەحزابی ئیسلامیو قەومییەوە، حیزبیك کە ئالاهەلگری ئەوپەری مافو ئازادی فەردیو خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتییە، مودافعی پەیگیری یەکسانیو پیشکەوتن خوازییە. حیزبیکە لەدژی ئیسلامی سیاسیو خورافەی ئاینی سەنگەری گرتووە.. قوتابیانو ژنانو کریکارانو خەلکی ئازادیخواز بۆ ئەوەی لەخەباتو نارەزایەتییەکانیاندا بەسەرکەوتن بگەن دەبی لەنیو ئەم حیزبەدا خۆیان ریکخراوبکەنو لەدەوری ئاسو وئامانجەکانی کۆمۆنیزمی کریکاریو حیزبەکەی خەباتی خۆیان بەباقی بەشەکانی تری کۆمەلگاوە گری بدەنەوەو بەم هۆیەشەوە ئاراستەیەکی سەراسەری پیبدەن. ئەمەتەنها فاکتۆریکی بریاردەرە. خوپیشاندان لەزانکۆی بەسراو کوردستان پەیامی هاوراییو یەکسەنگەرییان لەگەل کۆمۆنیزمی کریکاریو حیزبەکەی تەئکید کردووە. ماوە تەنها قوتابیان لەپیناو خەباتەکەی خۆیان ئەم حیزبە بەدەستەوەبگرن.

2005/3/23